# کچان خەون بە چ جۆرە هاوسەرێکەوە دەبینن

✿ کچان پێش چونە نێو کەژاوەی هاوسەریان و ناسینی دەزگیرانەکانیان، بەتایبەتیش لەقۆناغی هەرزەکاریی و گەنجێتیدا، پیاوێکی خەیاڵی وەك شاسواری خەونەکانیان لە خەیاڵ و لەدڵ و دەرونیاندا دروست دەکەن . بەشێوەیەك لەکاتی هەڵچون و داچونەکانیاندا لەکاتی بیرکردنەوە لە کورێکدا یا لەکاتی خوازبێنیکردندا، لەگەڵ ئەم خەیاڵەیاندا دەکونە بەراوردکاریی و بینەوبەردەی دەرونی، هەندێك جاریش ئەم خەیاڵە دەتوانێت بۆ چەند ساتێك دەروونیان ئاسودە وئارام بکاتەوە. وەك لانتز دەڵێت (لەپێشوەختدا کۆمەڵێك سیفاتی سۆزداری و سروشتی و فیسیۆلۆژی وکۆمەڵایەتی و ئامەنیانداوێتە و پەیوەست کردوە بەوێنەی ئەوبیرۆکە شەخسیەی هەیەتی سەبارەت بە چەشنی ئەو کەسەی کە ئارەزوو دەکات بیکات بە هاوسەری خۆی )..

کچان لەم قۆناغە ناسك و جوانەی تەمەنیاندا بە تەواوەتی هەست بە مێینەیی خۆیان دەکەن و پێداگری لەبەدەستهێنانی مافەکانیان دەکەن . بۆیە زۆربەی کچان لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی هاوسەری دوارۆژ بیرکردنەویان جیاوازە . هەر یەکێك بەجۆرێك وێنای شاسوارەکەی دەکات. ✿

شەیما کاوە:
گەرکەسێکم
خۆشنەوێت ناتوانم
بیکەمە شاسواری
خەونەکانم

کچان پێش چوونە نێو کەژاوەی هاوسەریان و ناسینی دەزگیرانەکانیان، بەتایبەتیش لەقۆناغی هەرزەکاریی و گەنجێتیدا، پیاوێکی خەیاڵی وەك شاسواری خەونەکانیان لە خەیاڵ و لەدڵ و دەروونیاندا دروست دەکەن. بەشێوەیەك لەکاتی هەڵچوون و داچوونەکانیاندا لەکاتی بیرکردنەوە لە کورێکدا یا لەکاتی خوازبێنیکردندا، لەگەڵ ئەم خەیاڵەیاندا دەکەونە بەراوردکاریی و بێنەوبەردەی دەروونی، هەندێك جاریش ئەم خەیاڵە دەتوانێت بۆ چەند ساتێك دەروونیان ئاسودە و ئارام بکاتەوە. وەك لانتز دەڵێت (لەپێشوەختدا کۆمەڵێك سیفاتی سۆزداری و سرووشتی و فیسیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی، پەیوەست کردووە بەوێنەی ئەو بیرۆکە شەخسیەی هەیەتی سەبارەت بە چەشنی ئەو کەسەی کە ئارەزوو دەکات بیکات بە هاوسەری خۆی)..

کچان لەم قۆناغە ناسك و جوانەی تەمەنیاندا بە تەواوەتی هەست بە مێینەیی خۆیان دەکەن و پێداگری لەبەدەستهێنانی مافەکانیان دەکەن. بۆیە زۆربەی کچان لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی هاوسەری دوارۆژ بیرکردنەوەیان جیاوازە. هەر یەکێك بەجۆرێك وێنای شاسوارەکەی دەکات....

بابزانین ئارەزوو ئەحمەد-ی تەمەن ٢٣ساڵە و مامۆستا چ جۆرە لاوێکی وەکو شاسواری خەونەکانی دەستنیشانکردووە، ئەو لەبارەیەوە دەڵێ «بیرکردنەوەی من بۆ هاوسەری ژیانم بۆ پیاوێکە ددان بەمێینە بوونی مندا بنێ، ئەوەم بەلاوە زۆر پێگرنگە. مەبەستم ئەوەیە کە تێبگات ئافرەت کێیە و لە ئەرك و مافەکانی ئافرەت بزانێت. ئەمەش بە زۆر کەس ناکرێت، دەبێت ئاستی رۆشنبیری بەرز بێت کەسێکی لێوەشاوە و هێمن و شارستانی بێت. ئەوسا لە بیرکردنەوەکەی من دەگات و بگرە شانازیشی پێوە دەکات. تائێستا چەندین خواز بێنییم هاتوون، بەڵام نەمتوانیوە بڕیاری هاوسەریی لەگەڵ هیچکامێکیان بدەم لەبەرئەوەی هیچ یەکێك لەو کەسانە ئەو شاسوارە نەبوون کە بیرم لێکردونەتەوە. زۆرجار لەپرۆسەی هاوسەریدا کچان ئەوەندەی باس لە کەرەستە ماددییەکان دەکەنەوە، ئەوندە باس لە کەرەستە مەعنەوییەکان ناکەنەوە. وەك ئاڵتون و ماڵی جوان و رازاوە. بەڵام لای من ئەم شتانە هیچ گرنگییەکی نییە. تەنیا ئەوندە بەیەك رازی بین و لەیەك تێبگەین.

رۆشنبیری و هاورێیەتی پیاوان بۆ ئافرەتان خاڵێکی گرنگە بۆ کچان، ئەم وێنانە خەونەکانی بەردەوامی کچانە پێش چوونە ژیانی هاوسەری.

شەمام محەمەد تەمەنی ٢٦ساڵە و کارمەندی رادیۆیە و لەو بارەیەوە دەڵێ «ئاواتم ئەوەیە هاوسەری ژیانم کەسێکی

# ـــەرێکەوە دەبینن ؟

ر و شنبیر بێـت بـەو مانایـەی بۆی ئاسـایی بێت کەمن لەچ بوارێکـدا کار دەکەم، پێیخۆش بێت کە من لەدەرەوەی ماڵ کار دەکەم و لە رووی ماددییەوە هـاوکاری دارایی مـاڵ دەکەم. من بەتەواوکەری خۆی بزانێت. زۆر بەلاشمەوە گرنگە کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی هەبێـت، چونکە پێگەی کۆمەڵایەتی زۆر پێویستە بۆ بەردەوامی لەژیانی هاوسەریدا. هەروەها رۆشنبیریش بێت، بەڵام رۆشەنبیرێك کە بـۆ ژیانی هاوســەریمان بەکەڵك بێ. هەروەهـا وەك دوو هاوڕێ هەڵسـوکەوت بکەین لەو ژیانەی هاوسەریماندا. هیوادارم ئەم خەونانەم بۆ بێتە دی.


کەچی خەونەکانی سـەبریە مارف-ی تەمەنی ٢٢ســاڵە زۆر ســادە و ئاسایین، لەبەرهەندێیـە کە دەڵـێ «بیرکردنەوەم بۆ هاوسەری ژیانم زۆر ئاساییە و پێموایە پیاو هەرچۆنێك بیری لێبکەیتـەوە هەر ئەوەیە کــە هەیە، وەك باوك و بـراکان هیچ لەوان جیاوازتــر نییە، بۆیە چاوەڕێی قیســمەت و نـسیب دەکەم، نەك ئەوەی بیر لەو پیاوە بکەمەوە کەبەخەیاڵی خۆم دروستمکردبێت، پیـاوان هەمـووی وەك یەکـن. دەمەوێ مێردێکی ئاسایی بکەم و هەر هێندە بتوانێ مــاڵ و حاڵ بەڕێوە ببات و لەگەڵم خراپ نەبێت، ئیتر بیر لە خەونی پەمەیی ناکەمەوە کە دواجار لێمبێتە مۆتەکە.

ســەیرە کە زۆرێك لە ئافرەتان ئەم خۆرە بیرکردنـــەوەو لێکدانەوەیان بۆ پیاو هەیە کە دەڵێـــن پیاوان هەموویـــان وەك یەکن، بەڵام زۆرجاریـــش هەر ئەم ئافرەتانــە خۆیان بە پێچەوانەی ئەوەی دەیڵێـــن رەفتار دەکەن. دە ئەوەتا هەدیە ئەمیـــن کە پێیوایە «ئەو جۆرە پێناســـانە کە بۆ پیاوان دەکرێت، زۆر هەڵەیە و زۆر جــار دەبێتە هۆی نەمانی متمانەی پیاو بۆ هاوســەرەکەی. چونکە هیچ پیاوێك بەئەوی دی ناچێت. ئەگەر نا پێموانییە کچان بیانتوانیایە هاوسەری ژیانیان هەڵبژێرن. بۆیە بەبوونی ئامانج بۆ ژیانی هاوسەریی و بۆ هاوسەری ژیانیان کۆمەڵێك لە ئامانجەکانیان بەدەست دەهێنن. بەڕاســتی حەزدەکەم هاوســەری دوارۆژم کەســێکی دەوڵەمەند و خــودا پێداو بێت و خاوەن جێگە و رێگەی خۆی بێت.

تارا حوسێن تەمەنی ١٨ساڵەو خوێندکاری دواناوەندیــە و دەڵــێ «بیرکردنــەوەم بۆ هاوســەری ژیانم. ئەوەیە بتوانێت کۆمەڵێك لەخەونەکانــم بێنەتــەدی. چونکە مرۆڤ لە پێش دروســتکردنی ژیانی هاوســەریدا ئەو بۆشــاییانەی کە بۆی دروست دەبێت، لە ژیانی هاوســەریدا دەتوانێت بە یارمەتی هاوســەرەکەی پــڕی بکاتــەوە. هەروەها حەزدەکەم شاســواری خەونەکانم کەسێکی دیار و رێکوپێك و جوان و شەنگ بێت..

هەســت و ســۆز و خۆشەویســتی کۆڵەکەیەکی گەورەی ژیانی هاوســەریە. زۆربــەی کچان بیر لــەوە دەکەنەوە لەپێش بڕیاری هاوســەریان پێوەندی خۆشەویستی ببەستن.

شەیما کاوە تەمەنی ١٩ ساڵەو خوێندکارە دەڵــێ « خەونی من تەنیا بوونی پێوەندی خۆشەویســتییە، چونکە ئەگەر کەســێکم خۆشــنەوێت ناتوانم بیکەمە شاســواری خەونەکانم. ئەوەی خۆشیشــم دەوێ دەبێ هەندێ مواسەفاتی تێدابێ تا بتوانم خۆشیم بوێ. بۆ نموونە لانی کەم پێویســتە خاوەن بڕوانامەیەکی زانکۆیی هەبێ، یا خاوەن کار بێت. بەکورتی نامەوێ هەژار و دەستکورت و کەم دەرامەت بێت. لەگەڵ ئەوەشــدا زۆر لە پێوەندی خۆشەویســتی دەترســم لەبەر ئەوەی کوڕان راســتگۆنین لەو پێوەندییەدا. بەڵام ئــەوەش دەڵێم لە رۆژگاری ئەمڕۆدا زۆر بەدەگمەن خۆشەویســتی راستەقینەت بەرچاو دەکەوێ..



**شەمام محەمەد:
ئاواتم ئەوەیە
هاوسەری داهاتووم
کەسێکی رۆشەنبیر
بێت و ببینە
هاوڕێ بۆ یەکتر**

# (چنار) بەئومێدی خەیاڵێکی خۆشی وەدینەهاتوو سەری نایەوە

### ناسینی سۆران و ئومێد بە ژیانێکی پڕ لە بەختەوەری

یەکترناسینی سۆران و(چنار) بەڕێکەوت بوو. چنار دەمێك ساڵ بوو فەرمانبەر بوو، لەو فەرمانگەیەش کە سۆرانی ناسی نێزیکی چوار پێنج ساڵێك دەبوو کاری دەکرد. سەبارەت بە چۆنییەتی یەکەتر ناسینی چنار و سۆران با گوێ لە (لەنجە) خۆی بگرین بزانین ئەم ڕێکەوتەمان بۆ باس دەکات: من و چنار بێجگە لەوەی کە لە یەك فەرمانگە بووین، چەند ساڵێکیش دەبوو کە ماڵمان دراوسێی ماڵیان بوو. نهێنییەکانی ژیانی ئەو تەنیا لای من بوو، چونکە ئێمە زۆر هاوڕێ و دۆستی یەکتر بووین، بۆیە هەر لە سەرەتای یەکترناسینیانیشەوە ئاگادار بووم. ئەو ڕۆژە بەرەبەری نیوەڕۆ بوو کە سۆران بە ڕێکەوت هاتە فەرمانگەکەمان و کارێکی تایبەتی خۆی هەبوو، نازانم چۆن بوو کە چاوی بە چنار کەوتبوو، ئەو ڕۆژە چنار هیچی پێنەوت، بەڵام دیار بوو کە زۆر دڵی خۆش بوو، چەندی لێمپرسی چییە وا ئەمڕۆ دڵ خۆش و بەکەیفی؟ نەیدەدرکاند. ڕۆژی دواتر سۆران دیسان پەیدا بۆوە، گوایە کاری لە فەرمانگەکەمان هەیە. چووە ژووری چنار و ئەویش بەگەڵی کەوت بۆ تەواوکردنی کارەکانی. نیوەڕۆ دوای تەواوبوونی دەوامی ئاسایی کە چووینەوە چنار دڵی خۆشتر بوو، لە هۆیەکەیم پرسی وتی: چوزانم بیرم هەر لەسەر ئەو کوڕەیە کە دوو ڕۆژە دێتە فەرمانگەکەمان. چەند ڕۆژێکی رابرد کوڕە دیسان پەیدابۆوە، هەمدیسان چۆوە لای چنار و پێکەوە خەریکی کارەکەیان بوون. ئەو ڕۆژە بوو کە چنار بۆی باس کردم کە دڵی چۆتە سەر ئەم کوڕە. خۆشەویستییەکەیان لێرەوە دەستیپێکرد کە وەك ڕۆمانێکی نەنووسراو وابوو. چنار هەموو جارێ دەیوت: مەگەر هەر سۆران بتوانێ خەمی مردنی دایکمم لەبیر بەرێتەوە، یا سووکی بکات. پاشان سۆرانی پێناساندم و بەیەکەوە هەندێك گفتوگۆمان کرد، پاشان چەند جارێکی تریش ڕێکەوت کۆیکردینەوە. بەڕاستی کوڕێکی تا بڵێی هێمن و سالار و بەڕێز بوو، لەگەڵ چنار زۆر میهرەبان بوو. کاتێك قسەیان بەیەکەوە دەکرد، حەزت دەکرد هەر گوێیان لێبگری. سۆران لە خێزانێکی دەوڵەمەند بوو، خۆشی ئەندازیار بوو، تازە نووسینگەی ئەندازیاری دانابوو، تەمەنی بیست و نۆ ساڵ بوو. دوای چوارپێنج مانگ پێوەندی خۆشەویستی و عیشق، هەردوولا گەیشتنە دانانی بەرنامەی پێکهێنانی خێزان. کەسوکاری سۆران بەدڵ و بەگیان حەزیان دەکرد زوو داخوازی چنار بکەن نەوەك قەدەر لەدەستیان دەربێنێ یا لێکیاندابڕێنێ، یا چنار دڵی بگۆڕێت..ماڵی سۆران خەریکی ئامادەکردنی تەدارەکی خوازبێنی و ناو ماڵیان بوون.


### هەواڵێکی دڵتەزێن

مانگێك دەبوو کە هەردوولا خەریکی ناوماڵ دانان و شتەکانی تر بوون، ڕۆژی پێنجشەم بوو، کە سۆران هاتە فەرمانگە و لەگەڵ چنار تا نزیکی بەرەبەری تەواوبوونی دەوام پێکەوە دانیشتن، کە ڕۆیشت، چنار بەمنی وت: لەنجە قرچەیەك لە دڵم هەڵستا، هەستێکی زۆرناخۆشم هەیە، دڵم لەپڕ توند بوو، بەرچاوم تاریکە. منیش دڵیم دایەوە و دواتریش پێمگوت بەس

ئەوندە نـــاز بکە هەمووی یەك دوو رۆژی ترە، ئیتر بەکەیفی خۆت ناز و عیشوە لەسەر سۆران بکە. ســـەرێکی نارەزایی لێمبادا و وتی بەخوا تۆش قســـەی بێتام دەکەی. رۆژی شەمە کە چووینەوە دەوامی ئاسایی خۆمان، تازە دەستمان بەکارەکانمان کردبوو کە کوڕێك هات و لە چناری پرســـی دیار بوو ژوورەکەیان پێنیشاندابوو، هەر هێندە کوڕە هاتە دەرەوە چنار چاو بەفرمێســـك و بەهەڵەداوان هەڵاتە بەر دەرگا و تەکسییەکی گرت و رۆیشت، نەمزانی بۆ کوێ چوو، بەڵام کوڕەکەمان بانگ کرد پێـــش ئەوەی بڕوات و لێمان پرســـی چیبووە، وتی: دوێنێکە ســـۆران ماڵەوەیانـــی بردۆتە ســـەیران و لـــە رێگەی گەڕانەوەیانـــدا ئۆتۆمۆبێلێـــك کە یەك دوو گەنجـــی سەرخۆشـــی تێدابووە بـــە خێرایی و بە رۆنگ ســـاید رۆیشـــتوونە، لەگەڵ ئۆتۆمۆبێلەکەی ماڵی ســـۆران خۆیـــان لێکـــداوە و گەنجەکان هەموویـــان مـــردوون و هی ماڵی ســـۆرانیش خوشـــکێکی و دایکی و ســـۆران مردوون. ئەم هەواڵە بـــۆ ئێمە یەکجار دڵتەزێـــن و بە ئازار بوو، کە گوێبیستی هەواڵەکە بووین ئێمەش بۆ بەهاناوە چوونی چنار چەند کەسێکمان چووینە نەخۆشخانە، بەڵام چی ببینین چنار شینێکی دانابۆوە مەپرســـە، ئەوەی دەیدیت لەحەژمەتان دەستی بەگریان دەکرد..بەهەزار حاڵ بردمانەوە ماڵـــەوە. دوای دەوامیش لە ماڵەوە پرســـەی دانابوو. بەمجۆرە دوای تەواوبوونی پرسەکەشی نەیتوانـــی بگەڕێتـــەوە دەوام. هەموو رۆژێك سەریم لێدەدا، بەڵام چیلێهاتبوو، نەتدەناسییەوە، دەساڵان لە تەمەنی خۆی گەورەتر بوو، ئەوندە خەفەتبار و لێو بەبار ببوو کە سەیریت دەکرد دڵت بۆی دەبوو بە بریان..دە رۆژێك بەمشـــێوەیەی رابرد، رۆژێکـــی نیوەڕۆ کە لە دەوام دەهاتمەوە وتم پێـــش ئەوەی بچمەوە ماڵ با ســـەرێك لە چنار بدەم بزانم ئەمڕۆ چۆنە لەدوورەوە بینیم قەرەباڵغییەکی زۆر لـــە بەردەم ماڵەکەیان هەیە کە نزیکبوومەوە پرسیارم کرد کە ئەم قەرەباڵغیە چییە وتیان چنار خۆی کوشتووە، بەم هەواڵە تەزییەکی سارد بەلەشمدا گەڕا و بەچاوم تاریکبـــوو، هەرهێندە چوومە ژوورەوە کـــە ببینم بزانم چیبـــووە کە چوومە ژوورەوە دیتم لەلای تەباخی غازەکەیان کەوتووە و وەك ئەوەی تازە خەوی لێکەوتبێ، خەڵکەکە دەیانوت غازی کردۆتەوە و بە بۆنەکەی خۆی کوشتووە. ژنێکی دراوسێیان رۆژانە سەری لێداوە و دڵی داوەتەوە، کە چۆتە ژوورەوە رووداوەکەی دیتووە خەڵکـــی گەڕەکی لێئاگادار کردۆتەوە. کە چاوم پێیکەوت بەدەســـت خۆم نەبوو، چاوم پڕ گریان بوو، چوومە لای و دەســـتم هاویشتە ژێر سەری بە ئەسپایی سەریم لەسەر سەرینێك دانـــا و تێر تێر بۆی گریام هەتا خەڵکەکە هاتن و هەڵیانگرت و تەرمەکەیـــان بردە ژوورێك بۆ ئەوەی بیشـــۆن و کفن و دفنی بکەن. ئەو ساتە رۆژێك بوو لە ژیانم کە قەت لە بیرم ناچێتەوە، بریـــا بە بریایـــی خـــودای نەمدیتبا کچێکی جحێڵی ناسك و نازداری شۆخ و شەنگ ئەمە چارەنووسی بێت.



درۆکردن ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی دزێوو زۆرێك لە خەڵکان لەکاتی پێویست و جیاجیادا پەنای بۆ دەبەن، ئەم ڕەفتارە تائێستاش بەبابەت نەکراوە، لەگەڵ ئەوەش کە پانتاییەکی فراوان لەرەفتار و ژیانی ڕۆژانەی زۆر کەساندا دەگرێ تەنانەت دەتوانین بڵێین کە وەك پەتایەکی لێهاتووە. زۆر جاریش بەناوی ڕاییکردنی کارەکان درۆکردن لە هەندێ شوێندا وەك وەسیلەی بەڕێوەبردن بەکاردێت. بۆ دەرخستنی لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەم ڕەفتارە هەوڵدەدەین لەمیانی ئەم ڕیپۆرتاژەدا ئەم بابەتە بوروژێنین.




( بارزان جەمال )
مامۆستای کۆمەڵناسی:
مرۆڤ بۆیە
پەنا دەباتە بەر
درۆکردن چونکە
توانای ئەنجامدانی
کارێکی نییە

# درۆکردن ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی دزێوە یان گوزارشتێکی دەروونی و پێویستییەکی ڕۆژانەیە

**سەرەتا ئەحمەد موحسین پێیوایە هەریەکێك لە ئێمە درۆی کردووە.** ئەو پێشیوایە درۆ چەندین جار دوو برادەری یا دوو هاوسەری لێککردووە، لەبەر هەندێ دەبێت دایك و باوك لەلایەك و قوتابخانە و دامەزراوە پەروەردەییەکان لەلایەکیتر منداڵ وا پەروەردە بکەن کە دژ بە درۆکردن بێت، بۆ ئەوی بەرگرییەکی سروشتی و پەروەردەیی لە بەرامبەر ئەم ڕەفتارە نادروستە هەبێت، چونکە ئەگەر منداڵ بە منداڵی فێرە هەر شتێك بێت، گەورەش بێت ناتوانێت تەرکی بکات. بۆیە دەبێت ئێمە هەموو پێکەوە هەواڵ بدەین منداڵەکانمان بە جوانترین شێوە پەروەردە بکەین کە لە درۆ دوور بن.

**دواتر خاتوو کەژاڵ سەلاح بۆچوونی وایە کە درۆ هەر درۆیە، بەڵام وەکو دەڵێن درۆی ڕەش و سپی هەیە. ئەو درێژەی دەداتێ و دەڵێ:** «درۆکردن بەڕای من لای زۆرێك لەخەڵکی باوە، بەڵام زۆرتر لە ناو هاوسەران کاریگەری هەیە، ئەوجا لای خزمان و برادەران، بەڵام دەڵێت: بەڕای من ئاستی کاریگەرییەکە لەنێو هاوسەران فراوانترە، چونکە جاری وایە دەبێتە هۆی لێکجیابوونەوەی ژن و مێرد. هەروەها هەندێکجار درۆ دەکەین لەبەر ئەوەی

کارەکە باشـــتر یا زووتر و بێکێشە بکەین، پێموایە ئەو جۆرەیان باشترە نەوەك درۆ بۆ خۆهەڵکێشان و خۆدەرخستن کە زۆرجار لەناو کوردەواری خۆماندا کـــە کچێك مارە دەکرێت دنیایەك درۆی شـــاخدار لە نـــاو خەڵکی بەناوی خۆهەڵکێشـــانەوە دەکات وەك ئـــەوەی کە دەڵێن ئەوەندە زێـــڕی بۆ کراوە و ئەوەنـــدە جلوبەرگـــی گرانبەهای بـــۆ دووراوە و ئەمـــەی بۆ کراوە و ئەوەی بۆ کراوە، ئیتر دنیایەك درۆی هەمەجۆر و هەمەچەشن. ئەوەش بەڕاستی رەفتارێکی قێزەونە و وادەکات تۆ متمانەت بە هیچ قسەیەکیان نەمینێت، تەنانەت ئەگەر راستیش بێت، لەدوا قسەکانیدا ئاماژەی بەوەشدا ئەم دیاردەیە بە دڵنیاییەوە ناتوانرێت بنبڕبکرێت.

**هەروەها پورە عەیشان خدرـی تەمەن ٦٧ ساڵ دەڵێـــت** «کاتی خۆی خەڵك وەکو ئێســـتا درۆزن نەبوو، خەڵك بیری لە دنیا نەدەکردوە، بەڵکو بیری لە دوارۆژ دەکردەوە و درۆی نەدەکرد، بەڵام ئێستا هەر لە منداڵەوە بگرە تا گەورە درۆی زۆر گەورە گـــەورە دەکەن، زۆرجار دایك و بـــاوکان رێگە بۆ منداڵەکانیان خـــۆش دەکەن بۆ ئەوەی درۆ بکەن. ئێســـتا ئەگەر منداڵێك درۆ بکات دایك و باوکەکە پێی پێدەکەنن و پێی دەڵێن منداڵەکەمان فێرە قسە بووە، ئەوە پێشتر بوایە، داغیان دەکرد.

**عەبدولقـــادر عەبدولرەحمان لـــەم بارەیەوە دەڵێ** «ئێستا ئاســـانترین شت درۆکردنە، چونکە هەرکە پێوەندی بەکەســـێکەوە دەکـــەی، دەبینی خۆی لە دەرەوەیە کەچی دەڵێت وا لە ماڵەوەم، یا پرسیارێکی لێدەکەی وەڵامێکی نا راســـتت دەداتەوە، بەڕاستی نازانـــم هۆکارەکەی چییە، تاوەکو ئێســـتا لەگەڵ خێزانەکـــەم و لەماڵەوە درۆم نەکـــردووە، بەڵام کە دەبینـــم هاوســـەران لەگەڵ یەکـــدی درۆ دەکەن، بەڕاســـتی زۆرم پێ سەیرە. هیوادارم هیچ کەسێك درۆ نەکات، چونکە پەتی درۆ کورتە.

**مامۆستا مەلا ســـەید ئەحمەد پێنجوێنی پێش نوێژو وتارخوێن باس لە نابەجێییەکانی درۆ دەکات و دەڵێت** «لە روانگەی شەرعەوە یەکێکە لە گوناهە گەورەکان و یەکێکە لە نەخۆشـــییە دەروونییەکان، هەروەهـــا کەســـایەتی مرۆڤ زۆر لـــە کەدار و عەیب دار دەکات و رێگەیەکە بۆ بێبەشـــبوونی لە بەهەشتی بەرین. بەڕای من رەفتارێکی قێزەون و ناشـــیرنە کە مرۆڤ لەناو ماڵ و خێزان و خەڵکی تر دەیکات، ئەو کەســـە هیچ بەهاو متمانەیەکی نامینێت، لەوانەشە قسەیەکی راستیش بکات خەڵك باوەڕی پێنەکەن، لەبەر ئەوە کەســـێکی بێزارکەر و نەخوازراوە و یەکێکە لە دەرگای گوناهەکان، واتە رێگە خۆشـــدەکات بۆ کۆمەڵێك کەســـی نارەسەن و ناپەســـەندی تر، هەروەها سوێند خواردن بەدرۆ ئەمەش گوناهێکی گەورەیە، هەروەها جۆرێکی تر درۆکردنی بەرپرس لەگەڵ فەرمانبەرەکانی ئەمانە درۆی زیاتری بە دواوە دێت و کارەسات و دەنێتەوە. لەبەر ئـــەوە درۆ تا درۆ جیاوازی هەیە، درۆی وا هەیە دەبێتە هۆی کوشتن و هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان دو خێڵ یان دوو حزب، دواتر دەیان کارەساتی لێ دەکەوێتەوە. مامۆستا هۆکارەکانی درۆکردن بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێنێتەوە، لەوانە: ئەو کەسەی درۆ دەکات کەسێکی لاوازە و کەموکوڕی لە کەسایەتی دا هەیە و کەســـێکی ناتەواوە و متمانەی بەخۆی نییە، ئینجا سوێندخواردن بە درۆ بۆ ئەوەی خەڵك هەڵبخەڵەتێنێ و خەڵك چەواشـــە بکات. بەگشتی پاڵنەرەکـــی درۆ یەکجار زۆرە، چـــی بکرێت بۆ ئـــەوەی درۆ کـــردن کەم ببێتەوە مامۆســـتا وتی «دەبێت گشتمان بەگژیدا بچین وەکو دیاردەیەکی رووخێنەر و قێزەون تەماشـــای بکەین، بە تایبەت هۆکارەکانـــی راگەیاندن دەبێت لێی بەجواب بێن و دواتر دایك و باوك و ئینجا قوتابخانە و رێزیش لە کەسانی درۆزن نەگرین و ئەو کەسەی درۆ دەکات هەموومان دژی رابوەســـتین و لێنەگەڕێن شوێنی لەناو کۆمەڵگە ببێتەوە.

**لە کۆتاییدا بارزان جەمال مامۆستا لە کۆلیژی ئاداب بەمجۆرە باس لە جۆرەکانی درۆکردن دەکات و دەڵێت** «درۆکردن زۆر جۆری هەیە، درۆی بەشێوەی نووسین وەکو ئەو درۆیانەی کە زۆرجار لە رووپەری رۆژنامەو گۆڤـــارەکان بەرچاومـــان دەکەوێت کە لەسەر بنەمایەکی ناواقیعی داڕێژراون، کە زۆرجار کێشـــەو ناکۆکـــی زۆری لێدەکەوێتەوەو کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەیەکی خراپ دەبات، هەروەها درۆکردن بەشـــێوەی ئاماژەکردن زۆربەی خەڵك ئەمجۆرە لە درۆکـــردن بەکار دەهێنن لە کاتێکدا کە خۆشـــیان هەســـتی پێناکەن، کە ئەمەش خۆی لە جووڵەی چاوو برۆ خوارکـــردن و مرومۆچکردنی دەموچاو بەرامبەر بەشـــتێك یان کەســـێك یان هەڵوێستێکی دیاریکـــراو دەینوێنێ، ئەم ئاماژانە خۆی جۆرێکە لە درۆکردن، چونکە لەناخی کەســـەکەوە جۆرێکی دیکە لە بیرکردنەوە هەیە، بـــەڵام دەرینابڕێت یان پێی ناکرێت بیڵێ یان شەرم دەکات، بۆیە بەشێوەی ئاماژەکردن کە جۆرێکە لە درۆکردن هەڵوێســـتی خۆی دەردەبڕێ. هەروەها درۆی سیاسی، کەسانی سیاسی زۆرجار بۆ ئەوەی کە بگەنە ئامانجەکانیان جڵەو بە مانەوەی پێگەی سیاسی خۆیان بدەن پەنا دەبەنە بەر درۆکردن، زۆرجار لەکاتی بانگەشـــەی هەڵبژاردندا ئێمە گوێمان لـــە زۆر بەڵێنی گەورە دەبێت لـــە لایەن حـــزب و رێکخراوەکانـــەوە، کە خۆشـــیان ئەســـڵەن باوەڕیان بـــەم بەڵێنانە نییە، بەڵام بە مەبەســـتی کۆکردنـــەوەی دەنگی زیاتر ئەم قســـانە دەکـــەن . تـــاد. درۆی ئابووری یان پیشەسازی ئەمەش جۆرێکی ترە کە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاســـتی بەرهەم و فرۆشـــی زیاتر لەلایەن بازرگانە گەورەکانەوە بە شـــێوەی رێکلام بەکار دێت بۆ ئەوەی پارەی زیاتریان دەست کەوێت. هەروەها درۆی مێژوویی ئەمجـــۆرە لە درۆکردن لەلایەن کەســـانێکەوە بەکار دێت بۆ ئەوەی پێگەی خۆیان زیاتر بەرز بکەنەوە، چ لە ئاســـتی سیاسی یان ئیداری یان ئابووری و کۆمەڵایەتی......تاد. بـــۆ نموونە کەســـێك باکگراوندێکی کۆمەڵایەتی و ئابـــووری یان سیاســـی و بنەماڵەیی بۆ خۆی دروســـت دەکات بۆ ئەوەی لەلایەن کەســـانی سەر بە دەسەڵاتەوە پێگەیەکی گەورەی دەست بکەوێت، نموونەی ئەمەش وابزانم لە کوردســـتان زۆرە. لەو خاڵانەی ئامـــاژەم پێیدا بۆمـــان دەردەکەوێت کە درۆکـــردن دیاردەییەکـــی کۆمەڵایەتی و دەروونی مرۆڤە، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا و لەســـەر هەموو ئاست و چینێکی کۆمەڵایەتییدا درۆکردن بوونی هەیە و ناتوانین نکۆڵی لێبکەین، کەواتە دەتوانین بڵێین مرۆڤ بۆیە پەنا دەباتە بەر درۆکردن زۆرجار توانای ئەنجامدانـــی کارێکی نییە و دەیەوێت بە هەر نرخێك بێت بیکات یان پێی بگات، جا ئەمکارە بۆ دەســـکەوتی سیاسی بێت یان ئابووری بێت یان کۆمەڵایەتی. هەندێکجار مرۆڤ بەهۆی شکستی یەك لەدوای یەکیش لە کارێکدا بە ناچاری تووشی نامۆبـــوون دەبێت، بۆیە پەنا دەباتە بەر درۆکردن و ســـاختەکردن، هەندێك جار دەگاتە ئاستی تاوان. لە زانســـتی کۆمەڵناســـیدا میکانیزمێك نییە بۆ چارەسەر کردنی درۆ...

ســـەبارەت بە درۆ کردن لە نێوان ژن و مێریشدا مامۆستا وتی «لە زانستی کۆمەڵناسیدا بە تایبەتی لە بواری پســـپۆری کۆمەڵناسی خێزاندا ئەم بوارە زۆر قسە و باسی لەسەر کراوەو توێژینەوەی لەسەر کراوە، زۆربەی پیاوان لەو باوەڕەدان لە زۆر حاڵەتدا نابێت هەموو شـــتێکی راســـتی بە ژن بگوترێت، بە درۆکردن دەکرێت دڵی هاوســـەرەکەت رابگری، بەڵام بێگومان ئەمەش ئەنجامێکی باشـــی نابێت کە لەوانەیە ببێتە هۆی هەڵوەشـــاندنەوەی خێزان، هەروەك دەشزانین ئافرەت لەرووی هەست و سۆزەوە زۆر لە پیاو ناسکترە، بۆیە کاتێك هەست بە درۆی پیاو دەکەن یان راســـتییەکیان بۆ دەردەکەوێت، ئەوا تووشـــی دڵتەنگی و خەمۆکییەکـــی زۆر دەبن و تەنانەت لە رووی جەستەیشـــەوە دادەڕمێت، هەر بۆیە باشـــتر وایە تاکو دەکرێت لە نێوان ژن و مێردا درۆ نەکرێت و هەموو شـــتێك بە راســـتگۆیی بە یەکـــدی بڵێین.. چی بکرێت بـــۆ ئەوەی دیاردەی درۆ کەمبکرێتـــەوە لە وەڵامدا مامۆســـتا بارزان وتی «لە رووی سیاسییەوە چیدی سیاسەتمەداران شتی چەواشەکارانە بە خەڵك نەڵێن، چونکە ئەمڕۆ ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە هەموو شـــتێك دیارەو خەڵکیش ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانتر بووەو باشتر بەرچاوی خۆی دەبینێـــت، لە رووی راگەیاندنەوە زیاتـــر خەڵك هۆشـــیار بکرێتەوە، لـــە روانگەی ئایینیـــەوە باس لە زیانەکانـــی بکرێت و باس لەو سزایانە بکرێت کە خودای گەورە بۆ ئەو کەسانەی داناوە کە درۆ دەکەن، لە رووی پەروەردەییەشـــەوە پێویستە مامۆستا راستگۆیی لای قوتابییەکانی خۆشەویست بکات و فێریان بکات هەموو وەختێك دژی درۆ بن.

**مامۆستا سەید ئەحمەد پێنجوێنی: پێویستە رێز لە کەسانی درۆزن نەگیرێت**



بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: کامەران جەلال
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504944607
Email: komelayeti@gulan-media.com